**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ١٧٤٤ لە ٢٠٢٥/٤/٢١**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧، وە لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

١- کردنەوەی (**بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان**) لە پارێزگای هەڵەبجە.

٢- ئەم بەیانە لەرۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیــری داد**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٢٤٤٥ لە ٢٠٢٥/٤/٢١**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧بڕیارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث)کردنی سەنتەرێکی حکومی بۆ منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم لە قەزای کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیان لەبەر ئەوەی لە ئێستادا نزیکەی(٣٠٠) منداڵی ئۆتیزم هەیە .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لەسەر دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٤٥٥٢ لە ٢٠٢٥/٤/٢٧**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث)کردنی داینگەی (گویژە)ی حکومی لەناو پرۆژەی نیشتەجێ بوونی (گۆیژە ستی سێ) سەر بەبەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی لەبەر پێویستیان.

٢-ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لەسەر دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**